# وەلامی حکومەتی تازەی یەکیتی و پارتی
# بەداواکاری ئاوو کارەبا ... ڕاونان و دەستگیرکردنە!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

گەرمای هاوینی ئەمساڵ و بێ ئاوو کارەبایی لەکوردستان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە نەبونی بەنزین و بەرزبونەوەی نرخەکەی، خەڵکی کەمدەرامەت و شۆفێرەکانی بەتەواوی هەراسان و نیگەران کردوە، لەماوەی 15 ساڵی رابردوودا خەڵکی کوردستان بەجۆرەها شێوە خواستەکانی خۆیان لەڕاستای دابینکردنی ئاستێکی سەرەتایی لەژیان و بژێوی خستۆتەبەردەم دەسەلاتدارانی کوردستان، بەلام ئەوە دەسەلاتەکانی یەکیتی و پارتی یە هەرجارە وەلامێکی چەوت و فریوکارانەیان بەخەڵك داوەتەوە. ئەمانە دەورانێك سەروبنی قسەیان بۆخودزینەوە لەداواکاری خەڵك ئەوەبوو کەدەیان ووت حکومەتەکەمان ساوایە و هێشتا بەتەواوی وەزعی ئەوەمان نەهاتووە وەلام بەهەموو پێداویستیەکانی خەڵك



بدەینەوە! دەورانێکی تر لەئارادابوونی رژێمی بەعس بەهانەیەك بوو بۆ خولادان لەخواستەکانی خەڵك بە رژێمی بەعس و صدام خەڵکیان دەترسان کەلەودیو سنورەکانەوەن! ماوەیەکیش شەری ناوخۆ هونەری ئەوەی پیدابوون کەخواستی خەڵکی سەرکوت بکەن و هەواڵەی پرۆسەی ئاشتبوونەوە و یەکگرتنەوەی ئیدارەکانیان بکەن! .. بەلام ئێستا هیچ بەهانەیەك نەماوە، نەرژێمی بەعس لەئارادایەو نەحکومەتیش ساوا ماوەتەوە و تەنانەت یەکگرتنەوەی پەرلمان و دەسەلاتی ئەم دوو حیزبە رۆژانە بەشان و باهویدا هەلدەگوترێ. ئێستا ئیتر هەموو شتێك رۆشنە و ئەوانەی کە هاتونەتە نێو شەقامی شارەکانەوە داوایان هەیەو داواکانیشیان بەرهەق و رەوایە، خەڵکی بەرگەرمای هاوینە کارەبای دەوێ بۆ حەوانەوە وهەناسە هەڵکێشانێك، خەڵکی دەیەوێت ژیانی شاری و کارو کاسپی بەهۆی نەبوونی کارەباوە رانەوەستی و لانی کەمی ژیانێکی پرمەینەت بچەرخێنی. بەلام پەلامارەکانی ئەم جارەش بۆسەر خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەران نیشانی ئەدات کە دەسەلاتەکانی یەکێتی و پارتی لەپاڵ خوڵکردنە چاوی خەڵك و پروپاگەندەی پوچی کوردایەتی و شتی لەم بابەتە پەنابردنە بۆ سەروکوت و راونان و چاوسورکردنەوە، ئەمە ئیتر رەوشتی هەردەسەلاتێکی سەرکوتگەرو سەروخەڵکی یە، ئەمە ئتر هەموو ئەو ئیدعاو قسانە بەهەوادا دەبات کە ئەم حیزبانە لەمەڕ حکومەتی خەڵك و ئازادی ودیموکراسی رۆژانە لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە پەخشی دەکەنەوە. ئاخر تەقەکردن لە خۆپیشاندانی خەڵك و پەنابردن بۆگرتن و راونان و هەڵکوتانە سەرماڵی ئەوانەی کە بۆدیفاع لەژیانی خۆیان و بەدەستهینانی کارەبا لەم گەرمای هاوینەدا هیچ تاوانێکی هەیە!! ئاخر هیچ دەسەلاتێك ئەگەر کەمترین پرەنسیپی دیموکراسی و ئازادی بسەلمێنێ بۆخەڵکی بندەستەکەی پەنا بۆ ئەم هەموو سەرکوتگەریە دەبا..!!

بەلام بلاوبوونەوەی هەواڵی نارەزایەتی ئەم رۆژانەی خەڵکی ناوچەکانی چوارقورنەو رانیە و دەربەندیخان بۆ داواکاری ئاوو کارەباو هەم لە ناوخۆی شارەکان و هەم لەدنیای دەرەوە، راستەوخۆ فشاریکی گەورەی لەسەر دەسەلاتداران پێکێهناوە و ئەمەش دەسەلاتدارانی هەراسان کردوە. تێپەرکردن لەم فشارە و دەمکوتکردنی خەڵك هەمان ئەو رەوشتەی

هێناوەتە پێشەوە کەدەسەلاتداران پەنایان بۆبردووە ئەویش ئەوەیە کەئەم نارەزایەتی وخۆپیشاندانانەی خەڵك "**دەستێکی لە پشتەوەیە**.!!". ئەمە هەمان بەهانە و رەوشتیی دەسەلاتێکە کەکەوتۆتە بەرامبەر خەڵکەوە و تائێستا دەیان کەسی راپێچی زیندانەکانی ئاسایشی سلێمانی و رانیە داوەو ژمارەیەکی زۆریشی ناچار بە هەڵهاتن و خۆشاردنەوە کردووە..



بەلام نارەزایەتی شوفێرەکانی شاری سلێمانی و بەستنی رێگای هاتوچۆی شەقامەکان ئەلقەیەکی تر لەخەبات و نارەزایەتی خەڵکی شارەکانی کوردستان تەواو دەکات، بەتایبەتی کەلەپاڵ نەبوونی کارەبادا گرانی بەنزین و دەستڕانەگەیشتنی خەڵك لەوانەش شۆفیرەکان، پەیامی بزوتنەوەیەکی جەماوەری دێنێتە ئاراوە کەخواستی دابینکردنی پێداویستی یە سەرەتایی یەکانی خەڵکی هەڵبڕیوە.

**لێرەدا گومانێك دێتە ئاراوە:**

تۆ بلێی ئەمجارەش وەك نارەزایەتیەکانی کەلارو هەڵەبجە دەستێك نەبێت لەپشت سەری ئەم نارەزایەتیانەوە، ئەگەر نا خەڵك بۆ داوای ئاو و کارەبا دەکەن، تۆ بلێی دەستێك نەبێت لەپشت سەری شۆفێرەکانەوە کەرێگاکانی ناوشاری سلیمانی و دەوروبەری بەنزینخانەکان دەگرن، تۆ بلێی ئەوانە ئەوەندە هێلاك بوبن لەبەر گەرمی هاوین و چاوەروانی نەبونی بەنزین و بەرزبونەوەی نرخەکەی بێت، ئەی ئەگەر ئەمانە دەستێکیان لەپشتەوە نیە، ئاسایشی یەکیتی و پارتی بۆ دەستی کردوە بە راونانی ئەو خۆپیشاندەرانە کەداوای ئاوو کارەبایان کردوە لەناوچەکانی چوارقورنەو رانیەو سلیمانی و کەلارو دەربەندیخان، وە ژمارەیەکی زۆریشی لێدەستگیر کردون!!؟...

رووداوی ئەم روژانەی خەڵکی کوردستان هەموو راستیەکان لەبەردەم خەڵکدا دوبارە دەکەنەوە، کە یەکیتی و پارتی هەر بەرگێك بپۆشن و خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر رەنگ بکەن، حیزبەکانیان و دەسەلاتداریتیان دوورە لەخەڵکەوەو خەڵك حکومەت و پەرلەمانەکانیان بەهی خۆیان نازانن و حزب و حکومەت و پەرلەمانیان موڵکی یەکیتی و پارتی و سەرکردەکانیانەو بۆ شاییەکی هێندە کەوتۆتە نێوان خەڵك و حیزب و دەسەلاتەکانیانەوە کەئیتر خەڵك لەبەرامبەریاندا وەستاونەتەوەو مەسەلەی ئەساسی یەکگرتنەوەی یەکیتی و پارتیش تەنهاو تەنها ترسیانە لەخەڵکی کوردستان و بۆ وەستانەوەو یەکدەست بونیانە بەرامبەر خەڵکی کوردستان و داواکاریەکانیان.

کاتی ئەوە هاتوە کە خەڵکی کوردستان یەك دەست لەدەوری یەکیتر کۆوە بن و بەرامبەر دەسەلاتی یەکیتی و پارتی و گەندەلی و دزی جەردەییان لەسەر حسابی خەڵك بوەستنەوە، کاتی ئەوە هاتوە لەدەوری شیعارو دروشمێك کۆببنەوە کەداواکاری و خواستی ئەوان عەکس دەکاتەوەو دەستی یەکیتی و پارتی و دزی و جەردەیی و گەندەڵی و گرتن و راونان و خۆڵکردنەوە چاویان، لەسەریان کۆتا دەکات.

**تێبینی:** وێنەکانی سەرەوە خۆپیشاندانی شۆفیرەکانی شاری سلێمانی ئەمرۆیە کە لەهاولاتی و ئاوێنە وەرگیراون.

2006/7/5